بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و دارودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بەتۆمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە.
هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆیە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**

**2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتووان.**

**3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟**

**4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟**

## مەجید ساڵح

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** پێش ساڵێك لە وتارێکمدا ئیشارەتم بەوەدابو کەوا دادگاییکردنی سەرانی ئەنفالچی هەڵێکی باشە بۆ ئەوەی نەك تەنیا کۆستی ئەنفال بناسێنین بە رای گشتی جیهان، بەڵکو هەموو کێشەی نەتەوەکەمان ودابەش وداگیرکردنی نیشتمانەکەمان بە شێوەیەکی دیکۆمێنتاری بخەینە روو. بەواتایەکی تر هەوڵ بدەین دادگاییەکە نەك هەر دادگاییەکی جینایی بێت، بەڵکو دادگاییەکی سیاسی بێت. بۆ ئەو مەبەستەش دەبوو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە پاڵ ئەوەی هاوکاری دادگای باڵا تاوانەکانی عیراق بکات، دەبووتیمێکی ڕاگەیاندنی بەهێز و تیمێکی سیاسی دابنرایە بۆ چاودێری کردن وبەرنامە دانان هەڵوێست وەرگرتن و رونکردنەوەی زیاتر لە سەر شێوازی بەڕێوە چوونی دادگاییەکە. بە گشتی من گومانم لەوە هەیە ولآتانی دەوروبەر بە تایبەتی تورکیاو ئێران لە ئێمە هۆشیارتر بن ودەستیان لەو دادگاییە لە کورد زیاتر بچێت. هۆکەشی ئەوەیە ئەوان لە مەترسی داداییەکە بۆ گەورەکردنی کێشەی کورد دەترسن وگومانیشم نییە گەلێك بەرنامەو پلانی نهێنی هەیە بۆ ئەو مەبەستە. گۆڕینی دادوەرەر ومانگرتنی پارێزەرەکان و ...ئەوانەی کە دواتر دێن بەشێکن لەو مەترسیانەی کە بە زیان بۆ کێشەکە دەشکێتەوە.
**وەڵامی‌پرسیاری دووەم:** لە رووی یاساییەوە مەرج نییە دادگا لە سەر ئەساسی خواستی خەڵکی ئێمەو بچێتە پێشەوە، چونکە ئێمە خۆمان بەشێکین لە لایەنی کێشەکەو پێشتر بڕیاری خۆمان داوە کە ئەوانە تاوانبارن، گرنگ ئەوەیە لە بەردەم دادگادا، ئێمە لە رێگەی بەڵگەو شایەتحاڵەوە بیسەلمێنین کە ئەو تاوانانە بە راستی ڕوویانداوەو . لە بیرمان نەچێت ئەم دادگاییە لە لایەن دەیان رێکخراوی مافی مرۆڤەوە چاودێری دەکرێت وهەر خەلەلێکی یاسایی هەبێت بە زیان بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە. بۆیە تا دەکرێت هەوڵی ئەوە بدەین کێشەی یاسایی بۆ خۆمان دروست نەکەین بە تایبەتی گەر ئەوە بزانین ئێمە جگە لەوەی لە رووی دۆکۆمێنت وشایەتحاڵەوە بەهێزین وسۆزێکی جیهانیشمان لە پشتەوەیە.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** بە کورتی ناکرێت هیچ دادگایەك لە سەر ئەساسی سەرنج وبۆچوونی شەقام بچێت بەڕێوە. جگە لەوەش ناکرێت شەقام بڕیارەکانی بسەپێنێت بە سەر دادگاکەدا. بەڵام دەکرێت شەقامی کوردی وراگەیاندنی کوردی وهەموو رێکخراوە سیاسی وناسیاسیەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبێت لە زیاتر ناساندنی کۆستی ئەنفال بە دونیا. من پێم وایە ئێمە تاکو ئێستا زۆر کەمو کوڕیمان هەیە. بۆ نمونە لە ڕۆژی یەکەمی دادگاییەکەدا کەناڵی" الحریە"ی بەغدا کە کەناڵێکی کوردە بە زمانی عەرەبی لە جیاتی پەخشی دادگاکە باسی لە دۆڵمەی بەغدادی وچۆنیەتی دروستکردنی دەکرد.

**وەڵامی پرسیاری چوارەم:** وەك لە سەرەتادا وتم ئەم دادگایە تەنیا ناساندنی کۆستی ئەنفال نییە، بەڵکو خستنە رووی هەموو کێشەکەی کوردە. پێویستە ئەنفال بکرێتە دەرگایەك بۆ ئەوەی کورد لە رێگەیەوە بچێتە ناو دونیای سیاسەتەوە ودونیای دیپلۆماسیەتەوە.. بگرە وەك چۆن جولەکە هۆلۆکۆستی کردە بەهانەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، دەکرێت کوردیش ئەم بڕیارە بکاتە بەهانەیەك بۆ ئەوەی جینۆسایدەکانی ئایندە دوبارە نەبنەوە باشتر وایە دەوڵەتی خۆمان هەبێت.